گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بیری ڕەخنەیی لەشیعرەکانی عەبدوڵلا پەشێودا

**پ.ی.د.عەبدوللا یاسین ئامێدی**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەو زمان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Abdallah.amedi@lfu.edu.krd

**م.ی.موحەمەد عومەر ئیبراهیم**
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەو زمان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Mohammedqolmarfy@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٣/٧
پەسەندکردن: ٢٠٢١/٤/٢٩
بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢١

***Keywords:*** Criticism, Pashew, Politics, Kurd, Society

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.3.03

## پوختە

(بیری ڕەخنەیی لە شێعرەکانی عەبدوڵلا پەشێودا) ناو نیشانی تویژینەوەکەیەو ئەم توێژینەوەیە، لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت، لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکە، بەشێوەیەکی تیۆری باسی: (ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنە لەڕووی زمانەوەو ڕەخنە لە ڕووی زاراوەوەئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی) کراوە و ،هەروەها بەشی دووەمی توێژینەوەکە باسی: (جۆرەکانی ڕەخنە لە شیعرەکانی عەبدوڵلا پەشێودا کراوە، بەتایبەت،ڕەخنەی سیاسی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ڕەخنە، لەجەنگ و بانگەشە بۆ ئاشتی،ڕەخنە لە چینایەتی و گەڕانەوە بۆ کلتوری کوردەواری و ڕەخنە لە وڵاتانی زلهێزو بێدەنگ بوون بەرامبەر چەوسانەوەی گەلی کورد).
لەکۆتایی توێژینەوەکە، باسی ئەنجامی توێژینەوەکە کراوە و ئەوە ڕونکراوەتەوە،پەشێو، وەك شاعیرێکی نوێخواز و هاوچەرخ نەی ویستووە، وەکو شاعیرێکی لاسایی کەر و کلاسیك خۆی پیشان بدات ، بەڵکو هەموو توانای هزری خۆی خستۆتە گەڕ، لە پێناو دەرخستنی واقعی ڕاستەقینەی کۆمەڵگای کوردی، لەسەدەی بیست و یەکدا ،هەروەهاپەشێو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیعری کردۆتە ئامرازی ڕەخنە گرتن، لە سیاسەت و شیعری، وەك چەکێکی بەبڕشت، لە دژی سیاسەتی هەڵە و گەندەڵی و فەرمانڕەوایی کوردستانی باشوور بەکارهێناوە، کە لە هەمان کاتدا شیعرەکانی دەبنە بەڵگە لەسەر ماف خوراوی گەلی کورد ،لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەرچاوانەی کەپشتیان پێبەستراوە، ئاماژەیان پێکراوە.

## پێشەکی

### 1 : ناونیشانی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە وەکو لەناونیشانەکەیەوە دیارە (بیری ڕەخنەیی لە شیعرەکانی عەبدوڵلا پەشێودا) هەوڵێکی ئەکادیمیانەیە، بۆ خستنە ڕووی لایەنی رەخنە و رەخنەگرتن، لە کەم و کوڕی و ناتەواویەکانی کۆمەڵگا و ڕەنگدانەوەی لەشیعرەکانی عەبدوڵلا پەشێودا.

### 2 : هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە :

هەڵبەتە، ئەنجامدانی توێژینەوە لەشیعرەکانی عەبدوڵلا پەشێو و بەتایبەتی ئەم لایەنەی توێژینەوە، کەم ئەنجام دراون ،لەکاتێکدا زۆربەی جۆرەکانی ڕەخنە لە هەڵبەستەکانی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە .

### 3 : سنووری توێژینەوەکە :

تەنیا تیشکمان خستۆتە سەر ئەو هەڵبەستانەی، کە ڕەخنەی لەکە م و کوڕی و ناتەواویەکانی کۆمەڵگا گرتووە.

### 4 : ڕێبازی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە، ڕێبازێکی مێژوویی و تیۆری و ڕەخنەیی تێدا بەکارهاتووە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 5 : گرفتەکانی توێژینەوەکە :

بێگومان نووسینی هەرتوێژینەوەیەك، بەدەر نییە لەهاتنی گیر و گرفت و بەردەوام کۆمەڵێك کەم و کوڕی لەنووسینی هەر بابەتێك سەر هەڵدەدەن،بە تایبەت کەمی نووسین لەسەر ئەم بابەتە.

## 6 : ناوەڕۆکی توێژینەوەکە :

لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکە، بەشێوەیەکی تیۆری باسی (ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنە لەڕووی زمانەوەو ڕەخنە لە ڕووی زاراوەوەوئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی) کراوە، هەروەها بەشی دووەمی توێژینەوەکە باسی: (جۆرەکانی ڕەخنە لە شیعرەکانی عەبدوڵلا پەشێودا کراوە، بەتایبەت،ڕەخنەی سیاسی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و ڕەخنە لەجەنگ و بانگەشە بۆ ئاشتی،ڕەخنە لە چینایەتی و گەڕانەوە بۆ کلتووری کوردەواری و ڕەخنە، لە وڵاتانی زلهێزو بێدەنگ بوون بەرامبەر چەوسانەوەی گەلی کورد).

لەکۆتایی توێژینەوەکە، باسی ئەنجامی توێژینەوەکە کراوە، هەروەها ئەو سەرچاوانەش، کە پشتیان پێ بەستراوە خراونەتە ڕوو، لەگەل پوختەی توێژینەوەکە بەهەرسی زمانی کوردی ، عەرەبی ، ئینگلیزی.

## بیری رەخنەی لەشیعرەکانی عەبدوللا پەشێودا

### 1.1ڕەخنەی ئەدەبی:

ڕەخنەی ئەدەبی بەشێکە لەو چەند زانستەی کە بەهەموویان دەگوترێت ئەدەبیاتناسی و گرنگترینیان مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی بەراوردکارین .

کەواتە ڕەخنەی ئەدەبی لقێکە لەئەدەبیاتناسی هەر نەتەوەیەك کە خاوەن ئەدەب بێت و زانستەکە قاڵبی خۆی هەیە و جیاوازە لەبەشەکانی تر ، چونکە سنووری تایبەتی لەئەدەبیاتناسیدا هەیە و بە ڕۆحی ئەدەبیاتی هەر نەتەوەیەك دادەنرێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1- 2 ڕەخنە لەڕووی زمانەوە (مانای فەرهەنگییەوە): -**

گریکەکان بنەڕەت و بناغەکانی شارستانییەتی ڕۆژئاوایان، لە فەلسەفە و هونەردا، دامەزراندووە و هەر ئەوانیش بنەما و بنکەکانی ڕەخنەیان داناوە .

پەیڤی ڕەخنە یان ( کريتيك ) لە پەیڤی ( kritike ) ی گریکەکانەوە ( یۆنانی کۆن ) هاتووە . (( وشەکەش، لە بنەڕەتە کۆنەکەیدا پێکەوە دوو مانا دەبەخشێت ، مانای جیاکردنەوە، واتا شیکردنەوە مانای حوکم دان و هەڵسەنگاندن )) . (د. سهير القلماوی ، 1959 ، ص 10 ) .

وشەی ڕەخنە، لە زمانی گریکی کۆندا ، لە کۆنەوە بیرکردنەوەی ئەوروپایی، دەربارەی، ئەرکی ڕەخنە، بەڕەنگی خۆی ڕەنگ کردووە . ئەم وشەیە:(( بەم شێوەیە لە فەرهەنگە ئینگلیزییەکاندا بەکارهاتووە :

خەوشگر ، ڕەخنەگر critic : - ( n ) –

ڕاوکردنی هەڵەی خەڵکی critical : - ( adj ) -

ڕەخنە criticism : - ( n ) -

criticize : - ( v ) trans -

بەفەرەنسی ، ڕەخنە Critique : - ( n ) French ( Ed. Doniach. W.S, 1982. P.85(–

بەلام، ئەو وشەیە، لە بنیاد دا لاتینی ڕەگەزە و واتای هەیە :

(( 1- بەدرۆخستنەوەی یەکێکە .

2- ڕەخنەی ئەدەبی و هونەرییە .

3- تێبینی ڕووکاری زاراوەیە )) . ( د. کامل حسن بصير ،1983 ل 11 ) .

ئەم واتایە، نزیکن و چەمکی هاوبەش پێك دێنن و زاراوەی ( criticism ) بەرامبەر زانستی ڕەخنەی ئەدەبی، لە زۆربەی ئەدەبیاتی ئەوروپادا چەسپا .

زاراوەی (( النقد )) لە زمانی عەرەبیدا، بەر لە هەزار و دوو سەد سال داڕێژراوە و بۆ چەمك و واتای زانست و هونەری ڕەخنەی ئەدەبی بەکارهاتووە .

ئەم وشەیە لە فەرهەنگی زمانی عەرەبیدا ، بۆ واتای سەرەکی بەکارهاتووە : -

- ( لێدان ) ە ، عەرەب دەڵا : ( نقدت رأسه بأصبعی ازا چربته ) ، واتە بەکوردی (( کەشکم لێدا ))
- ( عەیب لێ گرتن ) ە ، ابو الدرداء وتوویەتی : (( ان نقدت الناس نقدوك وان ترکتهم ترکوك )) واتە : ئەگەر هاتوو عەیبت لە خەڵکی گرت و بەدوای خراپە و هەڵەیان داگەڕێت ، ئەوانیش هەمان ڕەفتارت، لەگەڵدا دەکەن .
- ( جیاکردنەوەی پارەی قەڵب لەپارەی نا قەڵب ) ە ، لە دراوکاریدا گوتراوە : ( التنقاد و الانتقاد ، تمییز الدراهم و اخراج الزیف منها ) . ( عبدالله ئامێدی ، 2003 ، ل 12 ) .

لەبەر ڕۆشنایی واتاکانی سەرەوەدا ، زاراوەی ( نقد ) هێنراوە و کراوە بە ناو: ( بۆ ئەو زانیارییە ،کە قسەی چاك و خراپی پی لێك ئەکرێتەوە ، واتە ڕاستی پی جیا ئەکرێتەوە و ئەو شوێنانە، کە هەڵەیە بەهۆی ئەو زانیارییەوە دەرئەخری و عەیبەکەی ئەدۆزرێتەوە ) . ( سجادی ، ١٩٧٠ ، ل 6 ) .

ئەو، کەسەی کارەکە جێبەجی دەکات، پێی دەوتری: ( الناقد ) . دوایی ئەمە نووسەرانی عەرەب زمان ئاوەڵناوی: (( الادبی )) دەخاتە پاڵی ( النقد ) و دەڵێ ( النقد الادبی ) . چونکە ئەگەر وانەکری، خەڵکی، لە مەبەستە ڕاستەقینەکەی، تی نەگەن و سەرنجیان بۆ واتای تر دەچێت .

جگە لەوە، بەلامانەوە گرنگە، ئەوە بزانین، کە پەیڤی ڕەخنە، لە زمانی کوردیدا ، چۆن بەکارهاتووە ، چونکە ئەم کارە مەبەستێکی سەرەکی ئێمەیە و پێویستە زیاتر تیشك، لەهەموو ڕوویەکەوە بخرێتە سەری :

- شێخ محمدی خال، لەفەرهەنگەکەیدا، بەم جۆرە، چەمکی وشەی ڕەخنەی ڕوون کردۆتەوە :

( ڕەخنە ) ڕەغنەکە لەبەر ( د ) سستی ( ز )

( ڕەخنەگر ) ڕەغنەگر

( ڕەخنە گرتن ) ڕەغنەگرتن

( ڕەخنە گرەیی ) ڕەغنەگریی . ( خال ، 1964 ، ل 193 ) .

لەفەرهەنگی ئەستێرە گەشەدا ، نووسەرەکەی بەم جۆرە وشەی ڕەخنەی ڕوون کردۆتەوە :

ڕەخنە : نقد ، إنتقاد ، تعییب ، تندید

ڕەخنەگر : ناقد ، منقد .

ڕەخنەگرتن : نقد ، انتقاد ، کشف الاخطاء و العیوب او الزنوب او النواقص .... الخ .

ڕەخنە لێ گرتن ، نقد انتقاد شخص ، او شیء ما ... الخ ) . ( فاضل نظام الدین ، 1976 ، ل 355 ) .

هەروەها، لە زمانی کوردیدا، ڕەخنە و داڕێژراوەکانی بۆ مەبەستی شورەیی ( عەیب ) و کەم و کوڕی دۆزینەوە بەکارهاتووە . کورد :(( ڕەخنەی تێ بووە )) ، واتا (( کونی تی بووە )) ، یان دەڵی: (( ڕەخنەی لێ دەگرا)) ، واتە (( عەیبی لێ دەگرا)) . یان دەڵێت : فلان ڕەخنە بازە .. واتە : عەیب لەشت ئەگرا ) . ( سجادی ، نرخ شناسی ، ل 6 ) .

کەواتە، مرۆڤێکی بەرەخنەیە ، حەز دەکا، کەم و کورتی، لە خەڵکیدا، بدۆزێتەوە و باسی بکا .

دیسان لەشێوە زارەکانی زمانی کوردیدا: ( ڕەخنە ) هاتووە بۆ ( عەیب لێ گرتن بەلام شوێن و جێگای خۆی هەیە ، وەکو ئەوە کە ئەڵی: ڕەخنەم لێ ئەگری، ڕەخنەی لێ ئەگرم ، دەستم کرد بە ڕەخنەگرتن لێی ، ڕەخنە لە قسەم ئەگری... هتد )) ( ئامێدی ، 2003 ، ل 11 ) .

**3.1. ڕەخنە لەڕووی زاراوەوە :**

لەم ڕوویەوە :( ڕەخنە ) چەمك و مەبەستێکی تر دەبەخشێت ، دوورە، لەو واتا کۆمەلایەتییە باوەی وشەی ڕەخنە، کە لەمەو پێش باسمان کرد . چونکە لێرەدا ڕەخنە هەڵسوکەوتی لەگەل بەرهەمی ئەدەبی دەکا ، وەکو زانستێك باڵی خۆی بەسەر ئەدەبیاتناسیدا دەکێشا. چونکە لە ڕاستیدا :( ڕەخنە هەموو کات دوو ڕواڵەتی هەیە ، یەکێکیان بەرەو بنیاتی ئەدەب دەچی ، ئەوی تریش بەرەو ئەو دیاردە ڕۆشنبیرییانەی، کە دەوروبەری کۆمەلایەتی پێکدێنن . بەم پێیە ڕەخنە ،وەکو هەموو زانستە مرۆڤایەتییەکان ، وەکو بیردۆزی رامیاری ، یا فەلسەفی ، پارچەیەکی نەپچڕاوی پەیکەری ئەفسانەیی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵە . ڕەخنە بەتەواوی یارمەتی دروستبوونی جیهانی دابونەریتی کۆمەل دەدات ) . ( تزفیتان ، 1986 ، ص 101 ) .

ئەوەی ڕاستبێ، ڕەخنە سەر بە زانست و هونەرەکانە، لەهەمان کاتدا . ڕەخنە بە جۆرێك، لە دانایی ( الحکمە ) دانایش چاکترین ناوە، کە شایانی ڕەخنەیە ، چونکە زانستی بی دانایی وەکو، لەشێکی بی گیانە ) .   ( سەرچاوەی پێشوو ، ل 102 ) .

ئینجا، بۆ ئەوەی نیشانە و ئاسۆکانی، ئەم جۆرە زانستە، دیاری بکەین ، دەبی پەنجە، بۆ ئەو کەسانە درێژ بکەین، کە لەم مەیدانە کۆششیان کردووە و لەپێناوی ڕوونکردنەوەی بناغەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا ڕەنجیان کێشاوە، بزانین ئەوان چ بنەمایەکیان، بۆ دیاریکردنی ئاسۆ و بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەبی داناوە . ( فەرەنسیەکان ئەم پێك هێنانەی ڕەخنەی ئەدەبییان ناو ناوە ( lacritigue ) ( Litteraire ) وە ئینگلیزەکان ناویان ناوە بە ( criticism literary ) ، پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبی : کارێکی فێرکردنە یا( وەسفییە ) بەسەر کردەوەیەکی دارِشتن، کە حوکم بێت یا ڕاڤە بێت یا واتە لێکدانەوە بێت ) . ( د. علی جواد طاهر ، 1983 ، ص 339 ) .

لەزمانی عەرەبیدا و لەناو زانایەکاندا ، د. محمد مەندوور ، بەم شێوەیە پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبییان خستۆتە ڕوو ، گرنگی ڕەخنە ئەوەیە: ( لێکۆڵینەوەی کاری ئەدەبییە بۆ خوێنەر و یارمەتیدانێتی بۆ تێگەیشتن و چێژ لێ وەرگرتنی ، ئەمەش بەرێگای زانستی سروشتی ئەدەبەکە و بە دیارخستنی لایەنە بەنرخەکانی ) . ( د. مندور ، 1974 ، ص 57 ) .

لەگەل ئەوەشدا هەندی ڕەخنە گرە نوێیەکان، بەم جۆرە پێناسەیان کردووە،دەڵێن :( فەلسەفەی ئەدەبە، چونکە گەوهەری ئەدەب نیشان دەدا و  لەو دەکۆڵێتەوە کە دەیگرێتەوە ) . ( سەرچاوەی پێشوو ، ص 148)

لەزمانی کوردیدا، زاراوەی :( ڕەخنەی ئەدەبی ) *(1) زاراوەیەکی تازە بابەتە بەرامبەر زاراوەی ( النقد الادبی ) و ( Criticism ) ئینگلیزی بەکاردەهێنن . ئەم زاراوەیە لەبەرئەوەی بابەتەکەی فراوان و جۆر

بەجۆرە ، بۆیە تاکو ئێستا نەتوانراوە، پێناسەیەکی یەکگرتووی، بۆگفتوگۆی بۆساز بکری . بەلآم، لەگەل ئەوەشدا، هەندی، لە پسپۆڕانی کورد، لەم مەیدانەدا، بەم شێوەیە، بۆی چوون: (( ڕەخنەی ئەدەبی زانست و هونەرێکی لێکدراوە، کە بەهۆی دەستوورەکانی و توانای تایبەتی و چەشەی ئەنجامدەرەکەیەوە، دەتوانری تێکستی ئەدەبی چاك، لە تێکستی ئەدەبی خراپ جودا بکرێتەوە و واتای ڕاست و ناڕاست دەست نیشان بکرێت و ئەو شوێنانەی کە هەڵەن بەهۆیەوە بدۆزرێتەوە ) . ( د. کامل حسن بصير ، 1983 ، ل 3 ) .

---

*جگە لە :( ڕەخنەی ئەدەبی گەلێ زاراوەی تر بەکارهاتووە ، لەلایەن نووسەران و پسپۆڕانی ئەدەبی کوردی، بەرامبەر ئەم زانستە وەکو: هەڵسەنگاندن،نرخ شوناسی،شەن و کەوکردن .......هتد

لەگەل ئەوەشدا ،هەندی پێناسەی تر، دەربارەی زاراوەی: ( ڕەخنەی ئەدەبی ) لەسەر لاپەڕەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردیدا، بەدی دەکرێت، بەلام گشتییان، لەسەرچاوەی بیانییەوە وەرگیراون . هیچ جوانکاری و داهێنانێکی خۆماڵی، پێوە دیار نییە ، بۆیە، نەمان خستنە ڕوو .

،کەواتە ڕەخنەی ئەدەبی، بەپێی پێناسەی سەرەوە، زانستە و هونەرە بەیەکەوە ، زانستە، چونکە لە بەرهەمی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و بە پێوانەیەکی بابەتیانە، هەڵیدەسەنگێنێ و هەموو لایەنەکانی ڕەچاو دەکات، وەکو لایەنی جوانی ، دەروونی ، فەلسەفی ، ئایدۆلۆژی ، کۆمەلایەتی ، زمانەوانی .... هتد .

،هەروەها، هونەرە، چونکە بەپێی کەسیەتی ڕەخنەگرەکە، دەگۆڕێت و لایەنی کاریگەری دەق لەسەر ڕەخنەگر تاڕاددەیەکی زۆر دێتە پێشەوە و ڕێگا بۆ ڕەخنەگر خۆش دەکات و هەست و سۆزی بەتەوژمی هەست و سۆزی نووسەر، کەف و کوڵ دەکات، بۆ ئەوەی بگاتە بناغەی ڕەخنەیەکی سەرکەوتوو .

( مەلا ئەحمەدی جزیری، یەکەمین شاعیری کوردە، کە وشەی:( ڕەخنە ) ی بەکارهێناوە بەو مەبەستەی، کە ئێستا ماناکەی، لەئەدەبدا باوە ، نموونەکەش ئەمەیە :

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەحسەن ژقی وەسفی ڕەفیع

ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیع

تێن ژنوری وەك ڕەقیع (1)

بی عەیب و نەقس و ڕەخنەدا ) ( هەژار ،1961، ل 525 ) .

## 4.1 ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی

ئەدەب چ هۆنراوە بێت ، چ پەخشان بەرهەمێکی سەرنج ڕاکێش و کاریگەر و دڵخۆشکەرە، سەرەڕای، ئەوەش ئاکامێکی خولقێندراو ئەفراندنی دەدا بە دەستەوە ، بەلام ڕەخنەی ئەدەبی بابەتێکی کاریگەرەوبەرەنگاری ئەدەب دەبێت ، بەرهەمەکانی هەڵدەسەنگێنێت ، ڕەنگە هەندی جاریش، ئیجابی بێت و ڕێگای خولقاندنی ئەدەبی بەنرخ پیشان بدات، ئێمەش، لەو ڕوانگەیەوە تەماشای ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی دەکەین ، بزانین چ ڕۆڵێکی دەگێرێت لەناو ئەدەبیات ناسی، هەر میلەتێکدا ، چونکە ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ، ڕەخنەی ئەدەبی کارێکی ئاوێتەیە، لە مەوزوعیەت و زاتی پێك هاتووە ، چونکە لەلایەکەوە خاوەنەکەی، کە ڕەخنەگرە، لە بەر تیشکی چەند دەستورێکی زانستی دانپێدانراودا، ئەنجامی دەدات ، لەلایەکی تریشەوە ، ئاوێنەی چێژ و سۆز و تێڕوانینی تایبەتییە ، واتە ئەدەب هونەرێکی پەتییە ، بەلام ڕەخنەی ئەدەبی، لە هونەر و زانست هاتۆتە ئەنجام ، هەروەکو لەپێناسەکەدا، ئاماژەمان بە هەردوو لایەنەکە کردووە .

ئەوەی چەسپاوە و ئەدەبی ڕاستەقینە بەرهەمێکی خولقێندراو و داهێنراوە ، بەلام ڕەخنەی ئەدەبی شوێنەوارێکە بۆ پێناسین و لێکدانەوەی مەبەستی بەرهەمی ئەدەبی هاتۆتە کایەوە .

لەوەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، ڕەخنە دوو ئەرکی جیاوازی هەیە: ( لێکدانەوە و بڕیاردان ) ئەم دوو ئەرکە تائێستاش بەردەوامە ، هەرچەندە هەندی، لە زانایان لەو باوەڕەدان ،کە مەبەست لە ڕەخنە تەنها بڕیاردانە ، بڕیاردانەکە ،ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، چونکە :(( کاری ڕەخنە کارێکی بنیات

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەرانەیە جگە لە ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی کاری ئەدەبی و ئاشکراکردنی و دەرخستنی ئەو بەهایانەشە، کە بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤەکان کاردەکەن ) ( زکی ، 1981 ، ص 211 ) .

ئەم ئەرکەی ڕەخنە، لەگەل ئەم بۆچوونەدا، لە ڕەخنەی نوێدا باوە ، چونکە نووسەر و خوێنەر بەیەکەوە داهێنان دەکەن و ڕەخنەگر، بڕیاردانەکە، بۆ خوێنەر جێدەهێڵێ ، بۆیە پێویستە، لەسەر خوێنەر، ئاستی ڕۆشنبیری خۆی بەرزبکاتەوە، بۆ ئەوەی بگات، بە ئاستی نووسەر .

## 2. : ئاڕاستە ڕەخنەییەکانی پەشێو لە شیعرەکانیدا:

### 1-2 ڕەخنەی سیاسی :

دیارە، هەر بابەتێك، لە بابەتەکان کاتێك قسەی لەسەر دەکەیت و وردەبیتەوە لێی، هەست بە کۆمەڵێك کەم و کورتی دەکەیت ، هەموو ئەم کەم و کورتیانەش، کە ڕوو دەدەن، بەرهەمی مرۆڤەکان خۆیانن ، بێگۆمان هەر شتێك ،کە لەم گەردون و کەونەدا هەبێت، بۆ خزمەتی مرۆڤایەتییە و پێویستە، لە خزمەتی سوودی گشتی دابێت ، چونکە مرۆڤ یەکێکە، لە بەدیهێنراوە، هەرە بیردۆزەکانی گەردون، هەموو ئەو شتانەش، کە لەم گەردونەدا هەن ، بەیەکسانی بەسەر مرۆڤەکاندا دابەشکراوە ، بەلآم بەهۆی ململانێی مرۆڤەکان و درووستبوونی کێشە و پارچە پارچە بوونیان و زاڵبوونی هەندێکیان، بەسەر هەندێکی تریاندا، ئەنجامی خراپی جێهێشتووە ، کە ئەمەش بووەتە هۆی درووست بوونی، نا دادپەروەری و گەندەڵی و قۆرخکردنی بەشێکی زۆری شتەکان، لەلایەن کەسانی دەست ڕۆیشتوو و بالادەستی کۆمەڵگا و بێ بەشکردنی بەشێکی تر لێی، ئەمەش وایکردووە، کێشە و ململانێیەکان قوڵتر ببنەوە و کۆمەڵگا، بەسەر چەند بەرەیەکدا دابەشبێت . بەشێکیان ئەو چینە دەستڕۆیشتووەن، کە لە چوارچێوەی حیزبیدا، یان گروپ و تاقمەی جۆراوجۆر وایانکردووە، کە تەواوی خێر و بێری کۆمەڵگا بۆ خۆیان داگیربکەن ، لەبەرامبەردا، چین و گروپ و تاقم و نووسەر و ڕۆشنبیری ناو کۆمەڵگا، دروست دەبن، لەبەرامبەر چینەکانی تر و دژایەتییان دەکەن ، چونکە ئەمانە هەست دەکەن، کە نادادی و نایەکسانی وایکردووە، بەشێکی زۆری کۆمەڵگا، تووشی هەژاری و دەرەتانی زۆر ببنەوە ، هەروەکو

ئۆسکار وایڵد دەڵێت : (( من دەتوانم بەرگری لە هەموو شتێك بکەم ،بێجگە لە فریودان )) ( بۆریس بیگۆڤیچ بۆشکۆ میاتۆڤیچ : 2006 ، 9 ).

ئەم بابەتی فریودانەش، لەولآتە دواکەوتووەکاندا، بەشێوەیەکی بەرچاو هەستی پێدەکرێت، بۆ نموونە هەرێمی کوردستان، یەکێکە لەو هەرێمانەی، کە لەڕووی سیاسی یەوە لا سەنگییەکی زۆری هەیە ، سەرتاپای جومگە سیاسیەکانی نقوومی گەندەڵی و نادادپەروەری و فریودان بووە ، ئەمەش لەئەنجامی ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ولآت بەڕێوە دەبردرێت ، ئەگەر سەیر بکەین، لەسالآنی نەوەدەکانەوە، نادادپەروەری و فریودانی خەڵك لەلایەن چینێکی دیاریکراوە بۆ مەبەستە تایبەتەکان سەرتاپای جەستەی ئەم هەرێمەی ڕزاندووە . چونکە: (( کە بەرژەوەندی گشتی یان جەماوەر پارێزگاری لێنەکرا، گەندەڵی پەرە دەسێنێت ، دارایی دەوڵەت و کەلوپەلی دەوڵەت ئامانجی تەواوی گەندەڵی ڕێکخراو و تاوانی ڕێکخراو ئەو دەوڵەتانەی بارودۆخیان سەقامگیر نییە، ئەو کۆمەڵگایانەی، لە گۆڕانکاری دان زۆرتر بەرەو ڕووی گەندەڵی دەبنەوە، بەهۆی گۆڕانکاری پێوەرە یاسایی و ئاکارییەکان )) ( بۆریس بیگۆڤیچ – بۆشکۆ میاتۆڤیچ : 2006 ، ل 10 ) .

کەواتە دەکرێت، سەقامگیر نەبوونی ولآت، لەڕووی سیاسی یەوە وادەکات، کە بەشێوەیەکی بەرچاو نادادپەروەری پەرەبسێنێت و ببێتە کلتورێکی هەمیشە دووبارەبووەوە ، کە ئەمەش بە درێژایی مێژوو دوو سەد سال بەر لە هاتنی مەسیح درێژەی کێشاوە تا ئەمڕۆ .

لەلایەکی ترەوە، ئەگەر چاوێك بە مێژوودا بخشێنرێتەوە، دەردەکەوێت، کە ئەدەبیاتی کوردی پێش ڕاپەڕین، بەردەوام بەگژی دەسەلآتە داگیرکەر و نادادپەروەری و گەندەڵەکەی کوردستاندا چۆتەوە و ڕەخنەی لێ گرتوون و بێدەنگ نەبووە ، هەروەها هەموو ئەو ڕەخنانەی، لەپێش ڕاپەڕینیش، لە دەسەلآتدارانی دەرەوەی کوردستان بووە، بەلآم ئەدەبیاتی، دوای ڕاپەڕین زیاتر، ئاراستەی ڕەخنەکان، بۆ دەسەلآتدارانی ناوخۆ بووە، بەهۆی تەشەنەسەندن و بەرهەمهێنانی گەندەڵی لەناوخۆدا ، هەڵبەتە، ئەدەبیاتی کوردیش، وەك بوارێکی دانەبڕاو، لە کۆمەڵگا، خێرا دژی ئەو کارە ناشایستانە وەستاونەوە،

بە شیعر و چیرۆك و ڕۆمان، ئەم هەستەیان بەرجەستە کردووە ، نمونەی ئەم نووسەرانەمان، زۆر بەرچاو دەکەون، بۆ نموونە حەسیب قەرەداغی، دژی شەڕی ناوخۆ بەشیعری :( کە ئەو دەستم ئەو دەستی کەم بۆ بشکێنی، هەردوو دەستی کەم لە مل ئەکەم )، هەروەها بەختیار علی، لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیا ، باسی هەموو گەندەڵی و پۆخڵەواتییەکانی دەسەلآتی کوردی دەکات ، شێرکۆ بێکەسیش، بە شیعر دژی بی هەڵوێستی پەرلەمان جوانترین شیعری نووسی ، ( هەموو دونیا بیستی پەرلەمان نەبێت ) ،هەروەها (عبدالرحمن مزوری ) ڕەخنەی توند، ئاراستەی سەرکردەکانی کورد دەکات ،هەروەکو لەشێعری(میر)دا ئەوە دەخاتە روو، هەروەها :(موحسین قوچان)، لەئەنجامی شەڕی خۆکوژیدا لەشێعری: (هەبوو نەبوو کەس لەکورد کەرترنەبوو)) تیشك دەخاتە، سەر ئەو شەڕە قێزەونە، کە گوێدرێژیش، ئەوە لەگەڵ یەکتردا ئەنجام نادات، پەشێویش، یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا ،بە شاعیری دژە گەندەڵی ناسراوە ، دەتوانین دیوانەکەی، بە داستانێکی گەورەی دژی هەموو ئەوانەی، کە خەریکی چەوساندنەوە و داگیرکاری و دەستبەسەرداگرتنی سامانی گشتی دابنێین ، هەروەکو دەڵێت:(( گەر لەو کاتەدا کوردستانم، بەجی نەهێشتبا دوور نەبوو تووشی جەڵدەی مێشك بومایە، بەهۆی کارە دزێوەکانی کۆمەڵگاوە ،هەر لە ڕۆتین و بەرتیل و نادادپەروەری و خزمایەتی و نەبوونی سەروەری یاسا و ... هتد ، هەموو ئەوانەش، هەستی بە مەترسییەکانی کردبوو ، ئەوەی لە ڕابردوو هەستم پی کرد ، ئێستا لەبواری مەیدانیدا هەموویان بەرجەستەن ، حەزم نەدەکرد کۆمەڵگاکەم، بەم شێوەی لێبێت، هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە، کەقسەکانم، ڕاست دەرنەچن، بەلآم بەداخەوە، دەسەلآتداران، دەرسیان وەرنەگرت، لە نموونەکانی پێشوو، ولآتیان نغرۆی گەندەڵی کرد )) ( پەشێو پەیوەندی تەلەفونی ، 2017 ) .

هەروەك پەشێو، لە شیعری ( دەسبیح ) دا دەڵێت :

چ دەژمێری و تەواو نابی ؟

ئەو تانکەرە ملحیزانەی

میزڵدانیان نەوتی تیایە و

قەتار قەتار ئاودیو دەبن ،

هەڵتەك هەڵتەك

هەر بەڕێوەن وەك تاژی ڕاو ؟

چ دەژمێری ؟

شیش و شۆفل ، یا سۆندەی ئاو ؟

بورغی و بزمار

یا قەللابە و گرێدەری بێخمەی خنکاو ( عەبدوڵلآ پەشێو : 2019 ، 132 – 133 ) .

لەشیعری، ( دەسبیح ) دا شاعیر، لەسەرەوە تا خوارەوە ،بەسەر ئەو گەندەڵی و نادادپەروەریەدا دێتە خوارەوە، کەسەرانی حیزبە سیاسی یەکان، لە کۆمەڵگادا چاندوویانە ، شاعیر دەیەوی ،لەریی شیعرەوە پەردە، لەڕووی گەندەڵی و فەسادی حیزبە کوردیەکان هەڵبمالی، تەنانەت سەربڕین و کوشتنی یەکتر و ئاودیو کردنی تانکەرە نەوتەکان و ئاودیوکردنی مەکائین و کەلوپەلی سەدی بێخمە و ڕەخنە گرتن، لە نووسەرە بەکرێگیراوەکانی حیزب و دەسەلآتداران ، ئەوانەی پێشتر لە شاخ بوون . ئێستا لە شارن ، لە ئەنفال چییەکان و ملیۆنێر و ملیاردێرەکان ، ڕەخنە لە هونەرمەندانی حیزب و ڕۆشنبیران و نووسەرەکان ، هەروەها لە شیعرێکی تردا بەناوی ( قون و کورسی ) دا دەڵێت :

لێ نازانم ،

چ لەشاشەی تیقی بکەم ؟

دەیان ساڵە ، هەمان قوون و هەمان کورسی ،

هەمان دەنگ و

هەمان چەنگ و

هەمان چەهرە و

هەمان چەنە و چاوی برسی ...

شاشەیەکە ،

حوکمە دەبی هەتا مردن لێی بنوارم .

دۆش داماوم ،

قوون و کورسی – شاشەکان چۆن بگۆڕم ؟! ( عەبدوڵڵا پەشێو : 2019 ، ل 114 ) .

ئەگەر، ئەم شیعرەی پەشێو بخوێنیتەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە شاعیر پەیامێك، ئاراستە دەکات، کە داوا لە مرۆڤایەتی دەکات، کە پێویستە گۆڕانکاری بکەن ، تەنانەت لە کەلوپەل و شتەکانی دەوروبەر و تەنانەت گۆڕانکاری، لە جل و بەرگ ، چ جای گۆڕانکاری، لە بیر و ئایدۆلۆژیا و بیری تەسکی حیزبایەتی ، شاعیر پێمان دەڵێت، من هەموو شتێکم، گۆڕیوە، کەلوپەلی ناومال وجل و بەرگ ، بەلآم دۆش دامام ،کە چۆن بتوانم دەم و چاوی سیاسی و سەرکردانە بگۆڕم، کە دەیان ساڵە، لەسەر کورسی، ئەم هەرێمە دانیشتوون ، شایانی باسە، ئەو پێیان دەڵێت، سیاسییەکانی سەر تیڤی . لێرەدا پەشێو مەبەستی، لەسیستەمی دیموو کراسییە، کەلەجیهانی پێشکەوتوودا، لە هەموو بوارێکی ژیان پەیڕەو دەکرێت و هەرچوار ساڵ جارێك، هەڵبژاردنی دیمووکراسیانە ئەنجام دەدرێت، زۆربەی ئەو کەسانەی پێشوو، لەسەر کورسییەکانیان نامێنن و پۆستەکانیان، لەدەست دەدەن و دەم و چاوی نوێ بە هزرو بیری داهێنانە شوێنیان دەگرن، کە بەداخەوە سیاسەت، مەدارانی کورد، ئەگەر ئەو پرۆسەیەش ئەنجام بدەن ، ئەوان مانەوەی خۆیان، لەدەسەڵاتدا مسۆگەر دەکەن.

،هەروەها شاعیر، لەشیعرێکی تردا، بەناوی ( ڤیاگرە ) ڕەخنە، لە پەرلەمان و پەرلەمانتاران دەگرێت و دەڵێت :

ڕیکلامی ناوی

مەعشەری پیاوان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەزانن ڤیاگرە

چ خزمەتێکی ڕاست و چەپی دەکا ...

بەلآم ، پێم سەیرە ،

ڤیاگرا

هەمووی سست دەبی، قرِ و قەپ دەکا ،

هەزاریش قووت دا

ڤیاگرەی بەدعەمەل

تەنیا گیرفان و دەستی ڕەپ دەکا ! ( عەبدوڵلآ پەشێو : 2019 ، 115 – 116 )

لەم شیعرەدا، شاعیر ڕەخنە، لە پەرلەمان دەگرێت و پێی وایە، پەرلەمان ،لەبری دەرکردنی یاسا و چاودێری کردنی یاسا و گوزەرانێکی باش، بۆ هاونیشتمانییەکان ، بەلآم بە پێچەوانەوە ئامانجیان پڕکردنی دەست و گیرفانیانە، لێرەدا حەبی (ڤیاگرا) ،وەکو ڕەمزو وێنەیەك هێناوە، بۆ ئەوەی پیشان بدات، لەسەرانسەری دونیا، ئەو پیاوانەی پەنا دەبەنە بەرخواردنی حەبی (ڤیاگرا) سودی لێدەبینن و بەسەرکەوتوویی کارەکەی ئەنجام دەدات ،بەڵام بەپێچەوانەوە، پەرلەمانتارانی پەرلەمانی کوردستان ،لەبری ئەوەی، وەکو هەموو خەڵك سودمەندبێت، لەبەکارهێنانی ڤیاگرا، ئەو ئەندامانی، لەشیان دەخاتە هەڵسان، کەبتوانن زیاتر بەرژەوەندی خۆیان بپارێزن و خۆیان پێدەوڵەمەند بکەن، لەسەر حیسابی خەڵکە هەژارو بێدەسەڵاتەکە.

سەرتاپای دیوانەکەی شاعیر، پڕە لەو جۆرە شیعرانە، بەلآم ئێمە، بۆ ئەوەی توێژینەوەکەمان، درێژ نەبێتەوە، بەم چەند نمونەیە کۆتاییمان بەباتەکە هێنا .

## 2.ئاراستە رەخنەییەکانی شیعری عەبدوللا پەشیو:

### 2.2:ڕەخنەی کۆمەلآیەتی

سەبارەت، بەڕەخنەی کۆمەلآیەتی، پەیوەستە، بە ئەنجامدانی یان لەبەرچاوگرتنی، ئەو ڕاستییەی، کە لەئەنجامی کۆمەڵی هۆکارە و پەیوەستن، بە کێشە و گیر و گرفتی، بەهایەکانی ناو کۆمەڵگا ، ئەمەش، بەپێی سەردەم گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەموو ئەو گرفتە کۆمەلایەتیانەش، لەئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری، وەکو ڕۆشنبیری و ڕامیاری و ئابووری دەگرێتەوە، بۆیە مرۆڤ زۆرجار،لەبەریەککەوتنی خراپەوە، تێنەگەیشتنێکی قوول، بۆ ژیان و کێشە کۆمەلآیەتییەکان ئاڵۆزتر دەکات و تەنانەت زۆرجار دەیانگەیەنێتە بن بەست ، هەر بۆیە :(( ئەدەب و ڕەخنە کە چەند لایەنێکی زیندوو و گەشەسەندنی ژیانن، نووسەران و هونەرمەندانیش وەك تاکێکی کۆمەڵایەتی ، بەلآم تاکێکی هۆشیار و بە ئاگا و هەستیار و بەتوانای سەردەمی خۆیان توانیویانە خۆیان نوی بکەنەوە، بەپێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەلگا، هەنگاو بنێن لە ئاستی پێشهاتەکاندا خۆیان بگونجێنن )) ( ئاوارە کەمال ساڵح : 2012 ، 41 ) .

کەواتە، ڕەخنە یەکێکە، لەلایەنە زیندووەکانی کۆمەڵگا، بە ئاگا هێنانەوەی تاکەکانی کۆمەڵگایە، ئامانجی ڕەخنە، بۆ چارەسەرکردنی بەشێکە، لە کێشە کۆمەلآیەتییەکانی کۆمەڵگا ، هەر بۆیە (( تەنیا کۆمەڵگا، کار لە نووسەر ناکات ، بەڵکو نووسەریش، کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەیە ، هونەر و ئەدەبیش بە تەنها دروستکردنەوەی ژیان نییە ، بەڵکو تەواوکردنی ژیانیشە )) ( رينيه ويليك - أوستن وارين : 1987 ، 105 ) ، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ڕەخنەی کۆمەلآیەتی، تەنیا ئاراستەی بەرەو دروست کردنی ژیان نییە، بەڵکو لێکۆڵینەوە و تەواوکردنی لایەنەکانی تری ژیانە .

لەبەرئەوەی، کۆمەڵی کوردەواری، لە دۆخی کۆمەلایەتی، گوندنشین ژیاوە ، سیستەمێکی دەرەبەگایەتی، چەوسێنەر دەستی بەسەر هەموو بەهایەکانی ژیاندا گرتبوو ، بۆیە کۆمەڵگا جیاوازی جینایەتی زۆر تێدا دروست بووبوو ، هەر لەبەر ئەوەیە، شاعیران و نووسەرانی کورد ڕەخنەی زۆریان

لەباری نالەباری کۆمەڵگای کوردی گرتووە و هەموو ئەو دیاردە، دزێو و ناشیرینانەی، کۆمەڵگا بوونەتە، هەوێنی لە دایك بوونی ئەو شیعرانەی، کە باس لە دیاردە ناشیرنەکانی کۆمەڵگا دەکەن ، لە ئەنجامدا، ئەم شیعرانە، لەدایك بوون، کە باسیان لە نەخوێندەواری ، بە زۆر بە شوودانی کچ و شیربایی و چەندین نموونەی تری ناشیرینی کۆمەلگا ، هەروەها، ڕەخنە گرتن، لە کێشە جینایەتییەکان ، وەك مەسەلەی، زۆرانبازی ئاغا و دەرەبەگ و جوتیار ... هتد .

پەشێویش، بە هەمان ڕێگە و ڕێبازی شاعیرانی پێش خۆی، توانیویەتی، لەڕێگەی شیعرەکانی گوزارشت، لەم دیاردە، ناشیرینانەی کۆمەڵگایەکەی بکات، بیخاتە بەر دید و بەردەستی خوێنەران و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هەروەکو لەم شیعرەدا دەڵێت :

خۆشەویستم !
لەپیاوێکی گەڕۆکم بیست ،
لەلای ئەوان کچانی کۆك
لەباتی گوڵ
هۆنراوە دەدەن لە بەرۆك ،
گەورەکانیان
بۆ پەیکەری هونەرمەندێك دێنە سەرچۆك .
کەچی لە گشت کوردستانا
لەمەڵبەندی
بێکەس و حاجی و گۆرانا ،
گەر بگەڕێی سەریَ تا خواریَ ، وە غەریبیَ
بەدی ناکەی تاپۆی پەیکەری ئەدیبیَ ! ( عەبدوڵلاپەشێو : 2004 ، 164 )

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم شیعرەی پەشێودا، بۆمان دەردەکەوێت، کە پەشێو باسی گەشەسەندنی کۆمەڵگا دەکات و نموونە بۆ کۆمەڵگای ولآتانی تری پێشکەوتوو ئەهێنێتەوە ، کە چۆن میللەتانیان لەڕێگەی خوێندنەواری و زانست و لەڕێگەی هۆنراوەوە، پێشکەوتوون، پاشان ئەو کۆمەڵگایانە، بەراورد دەکات بە کۆمەڵگای کوردی، کەچۆن لەناو مەڵبەندی شیعر و هونەردا شتێك نابینێت، لەبەرزی پێشکەوتنی گەلەکەی بکات ،ئەم بۆ چوونەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە ،شاعیر دەیەوێت هەندێك ئەزموون و دیاردەی جوانی ڕۆژئاوا، لەکوردستان هێلانەی شاعیران، بەدی بکات و ڕێزگرتن و پێزانینی جاران بۆکەسانی ڕۆشنبیرو بەتوانا بگەڕێتەوە،چونکە شاعیر خۆی لەهەندەران و لە ئەوروپا دەژیت ، دەرك بەو شتە جوانانە دەکات و خۆزگە دەخوازێت، لە هەموو ناوچەیەکی کوردستان ئەوە بەدی بکات.

لەلایەکی ترەوە، پەشێو لە شیعرێکی تردا، ڕەخنە لە کۆمەڵگایەکەی دەگرێت، بەوەی کە بە زیندوویی ڕێزی نووسەر و شاعیر و هونەرمەندانی کۆمەڵگای خۆی ناگرێت و کاتێکیش، کە دەمرێت ئاخ و ئەسەف بۆ ڕابردووی دەخوازیت ، دەتوانین بڵێین مەبەستی پەشێو ئەوەیە، کە هەروەکو دەڵێت، کە کورد میللەتێکی ( زیندوو کوژی مردوو پەرستە ) ، ئەم دیاردەیەش، لای پەشێو زیاتر، لە کاتی کۆچی شاعیری گەورە ( شێرکۆ بێکەس ) دا بەڕوونی هەستی پێدەکرێت،هەلَبەتە لەو نامەی عەبدولاَ ثەشێو بۆ شێرکۆ بیکەس بەڕِوونی هەستی ثێدەکریَت، کاتێك دەلَیَت.

(کەژاوەی گریان )

برام شێرکۆ !

کەژاوەکەی گریانی تۆ ،

وەك ئادەمیزادی ڕاپەڕیو ،

گیانی گەرمی لەبەردا بوو

خەنجەرێکی جەوهەرداری

کورِ پاشای لە کەمەردا بوو

لەپێشەنگی کەژاوەتا ،

ئالآی خوێنینی مەهاباد هەڵکرا بوو

لە تەك ئەودا ،

سێدارەکەی چوارچرا بوو .

کە هاتە لام

پەیامێکی وای بۆ هێنام

وشەکانی

وەك پریشکی ئاگر وابوو

هی ڕۆژانی ئاڤێستا بوون ...

خوێندمەوە و گەلێك گریام

گریام بۆخۆم ،

گریام بۆتۆ ،

بۆ هەزاران

زیندووی نێژراوی ناو گڵکۆم ( عەبدوڵلا پەشێو : 2014 ، 153 – 154 ) .

لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، لە زۆربەی قۆناغەکاندا، ئافرەت چەوسێندراوەتەوە ، وەك کالآیەکی نزم سەیر کراوە ، زۆرجار وەك بوونەوەرێك، لە خزمەت پیاودا سەیر کراوە ، نەك وەك خودی ژن خۆی، بەڵکو لە پێناو حەز و ئارەزوو و تێرکردنی ئەویتر گرنگی پێدراوە ، پەشێو، لەم شیعرەدا، کە بۆ خۆشەویستەکەی دەنووسێت و دەڵێت :

خۆشەویستم !

نامەکانم بسوتێنە

ئەو هۆنراوەی بۆ تۆ نووسیم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سێدارەی بۆ دامەزرێنە

دڵگیر مەبە ..

لەلای ئێمە ، نەك تۆ ، پیاویش

لەسەر وشەیەکی باڵدار

قۆڵبەست دەکرێ ، دەدرێ لەدار

دوور مەبینە

گەرتۆی ئافرەت

بۆ چریکە دەنگ هەڵبڕیت

شێتەکانی سەر کورسی شار

گەرووی سەوزت بقلیشێنن

چاوی گەشت پڕ چقل کەن

پرچی ڕەشت بسوتێنن ( عبدوڵلا پەشێو ، 2012 ، ل 192 ) .

کەواتە لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت ، کە شاعیر ڕەخنەی لەزۆربەی لایەنە کۆمەلایەتیەکانی کوردەواری گرتووە و ویستوویەتی، بە هۆنراوەکانی ئەم هەڵە و کەم و کوریانە ڕاست بکاتەوە ، لێرەدا، پەشێو ئاماژە بەلایەنی ئەڤینی و خۆشەویستی، لەناو کۆمەڵگای دواکەوتوویی کوردی دەکات، ئاگادارییەك ئاڕاستەی ئەویندارەکەی دەکات، کە ئەو نامانەی دەربڕین، لەخۆشەویستی پاك و بێگەردی نێوانیان دەکات، دەبێت ،وەکو تاوانبارانی گەورەو مەزن لەسێدارەیان بدات نەوەکو، بکەونە بەردەستی کەس و کارەکەی، ئەو کاتە لەجیاتی نامەکان ئەو دەکەوێتە بەر پەتی سێدارە، چونکە خۆشەویستی چەند پەیامێکی پیرۆزە، بەڵام لەلای کورد بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیەو سەربڕین و تاوانی لەپشت و دوایە، بەڵام لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە پیاو سالاری، پیاوانیش زۆرجار دەچنە هەمان پلەو پایەی تاوانباری، ئەگەر

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هات و لەداب و نەریتی سەپێنراو لابدات ،هەروەها کۆمەڵێك، کەم و کوڕی تریش هەن، لەناو کۆمەڵگەدا کە پەشێو ڕەخنەی لێگرتوون ، بەلآم ئێمە ئاماژەمان بەبەشێکیان کردووە .

## 3.2 :ڕەخنە لە جەنگ و بانگکردن بۆ ئاشتی:

هەڵبەتە، بەدرێژایی مێژوو جەنگ و شەڕ هەبووە و بوونەتە هۆی ماڵوێرانی و کاولکاری لە ولآتدا ، ئەم وێرانکارییەش، کاریگەری جێهێشتووە، لەسەر بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و دەرونی و ژینگەیدا ، هەروەها دەبێتە هۆی تەگەرە خستن، لەبەردەم هەموو پێشکەوتنێك، لە ولآتدا ، هەر بۆیە :(( دوای دروست بوونی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەهەموو شێوەیەك جەنگ قەدەغەکرا و پرۆسەی ئاشتی کرا بە پێناسی مرۆڤایەتی ، هەروەها مەسەلەی ئاشتی لە کۆمەڵی هەموو نەتەوەکانی گێتی بووە، بەدروشمێك کەس ناتوانێت خۆی لێ لابدات ، بەرزکردنەوەی ئالآی جەنگ بووە بە شەرم )) ( مارف خەزنەدار : 2006 ، 44 ) .

سەرباری، ئەوەش، کە ئەو دروشمانەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایان گەیاند، نە شەڕی وەستاند و نە ئاشتیشی بووە هۆی وەستانی شەڕ ، سەرباری ئەمە بەبەردەوامی میللەتان لەشەڕدان و دواجار مرۆڤایەتی و ژینگە و سروشت و بەرکەوتەی خراپی ئەم جەنگانە بوون .

میللەتی کوردیش، وەك زۆربەی میللەتانی تر، قوربانی دەستی جەنگە و تووشی ماڵوێرانی و نەهامەتی و مردن و ڕاکردن و دەیان شتی تر بووە ، ئەنجامی ئەم جەنگانەش بوو، کە کورد و کوردستان دابەشبێت بەسەر چوار ولآتدا ، لەگەل ئەوەشدا ،لە پەیامی ئاشتی نەوەستاوە ئەوە هیچ بەڵگەیەکیش نییە ، کە کورد هێرشی کردبێتە سەر کەس و خاکی هیچ نەتەوەیەکی داگیر کردبی، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هێرشی کراوەتە سەر و خاکی داگیرکراوە .

ڕەخنە، لە جەنگ و پەیامی ئاشتی، لە ناو کورددا تەنیا گوتار و کەرەستەی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگای کوردی نەبووە ، واتا تەنیا بەشێکی سیاسی یەکان نەبوونەتە خاوەنی ئەدەبی دژی جەنگ بن و ئاشتی ڕاگر نین ، بەڵکو لە پال ئەمانەشدا، هونەرمەندان و نووسەران و مامۆستایان و تەواوی چین

و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا، لەهەر قۆناغێکی جەنگدا دژی وەستاوون و ئالآی ئاشتیان هەڵداوە ، لەناو ئەو توێژەدا شاعیران و نووسەران لەڕێگەی شیعرەکانیان بەبەردەوامی ئەم پەیامەیان دووبارە کردۆتەوە ، بەڵکو خۆیان بەخاوەنی ئەم جۆرە گۆتارە زانیوە، کە دژی شەڕ و شەڕخوازی بن ، یەکێك لەو شاعیرانەش کە لە ئەدەبی کوردیدا دەستێکی بالآی هەیە، لە دژایەتی کردنی جەنگ دا :(پەشێو)ە ئەو بەبەردەوامی دژی جەنگ بووە، لەگەل ئاشتی دایە . بۆ نموونە لەم شیعرەدا دەڵێت :

تا چرای ئێمە نەسوتی *
ئێوە هەرگیز ڕووناکی
نابینن بەچاوی خۆتان .
تا ئێمە دیل و کۆیلە بین
هەر کۆت و نیر
تۆق و زنجیر دەکەین بۆتان !!
قڕمان دەکەن ؟
قورتان بەسەر ؟
گەر بشمرین
تەنیا دیلی دەدۆڕێنین
چ هەیە لە دیلی تاڵتر ؟
گەر بشمرین هەر سەرکەوتووین
کوا لە کۆیلەی شەهید زیاتر ؟ ( عەبدوڵلآ پەشێو : 2014 ،) .

*سەرەتای ئەم شێعرە ئاماژەیە بۆکۆپلەشێعرێکی شاعیری بەرگری ئاشتی خوازی تورك نازم حیکمەت کەدەڵێت:

ئەگەر من نەسوتم

تۆنەسووتێی

کێ ڕێگای تاریکی

ڕوناك دەکات

هەروەها لەپەندی پێشینانی عەرەبیدا، هاتووە و وەکو قسەیەکی نەستەق تەماشادەکرێت کەدەڵێت: (العنف یولد العنف) واتە توندی توندی دێنێتە کایەوە، لەشەڕی نێوان عەرەب و ئیسڕائیلدا زۆر جار ئاماژە بەو قسەیە دەکری.

لەم شیعرەدا پەشێو، ڕەخنە لەوانە دەگرێت، کە دەست دەبەن بۆ سەروەری و تێکشکاندنی کەرامەتی مرۆڤی بەرامبەریان، هەروەك گۆتە دەڵێت :( ئەو گەلەی گەلێکی تر دەچەوسێنێتەوە خۆی ناحەسێتەوە ) ، کەواتە، ئەوەی کە ئاشتی دەوێت لە کۆتایدا چرایەکەی ڕووناك دەبێتەوە و بەردەمی خۆی بەباشی دەبینێت ، ئەوەشی، کە جەنگ و شەڕ و ئاشوبی دەوێت، ڕێگای تاریك و بەرچاوی دەبێت .

لەلایەکی ترەوە، پەشێو لەشیعرێکی تردا بەناونیشانی: ( ئۆتۆنۆمی ) پێیان دەڵێت ،دوای مردنیش لێناگەڕێن، ئەو نیشتمانە پیرۆزە بکەین بەماڵ و تێیدا بحەسێینەوە، بەڵکو هەوڵی ئەوە دەدەن، وەك قەل و داڵ گۆشتی کاڵمان بخۆن وەك دەڵێت :

ئۆتۆنۆمی

نەخەندەیە نە گریانە

نە مردنە نە ژیانە

پێناسەکەی وا لای منە

کورد کوژە ، هیوا خەسێنە

دەست و دەم و پی بە خوێنە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێگایەکە نابڕێتەوە
لەنوێوە بەرەو سەنگەر
لەویشەوە بەرەو نوێنە

(پەشێو) هەر بەوەوە ناوەستێت، بەڵکو هەموو ڕووی خراپی ئەو جۆرە دەسەڵاتە، کە بەکورد درابوو، تیشکی دەخاتە سەروو بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان رون و دیار دەکات.

عەیامێکە من دەیناسم
دێوە جامەیە
خامە گڕووی هەزار ڕەنگە
قوتابخانەی بی سەوادی و دەبەنگییە
کانگای گوڵی سوزەنەکر فەرەنگییە
تانەی کوشتوین
وەرن ، چنگی بەخوێنی سووری پی هەڵبڕین
بەشەق ڕووی پی لە دیوار بکەین
تفەنگی خۆ کوژی فڕی دەین
تفەنگی ئازادی سوار کەین
زرمە لە جەرگیەوە بێنین
لە بازرەقەی خوێنی ئەودا

یەکەم تیشکی ڕۆژ هەڵسێنین ( عەبدوڵلا پەشێو : 2014) .

کە سەیری ئەم شیعرە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، شاعیر نەفرەت، لە جەنگ و یەکتر کوشتن دەکات هەر بۆیە :(( یاخی بوون لای ئێمە، لە ڕووی ئەو واقعەدا، کە حەقیقەتی تێدا بریندار کراوە ، پاکیەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێدا پێش دەکرێت ، پیسیەتی تێدا دەکرێت بە پاك یاخی بوونەوە دژی هەموو چەوسانەوەیەك لەسەر کردنەوەی چەوساوەکانە ، ڕاماڵینی هەموو ئەو نەریت و عورف و تەقالیدە ڕزیوەکانە، کە ڕێگەیان لە گۆڕین و پێشکەوتن گرتووە )) ( شێرکۆ بێکەس ، 1998، 7 ).

هەر لەبەر ئەوەیە، پەشێو، شەڕ و جەنگ بەهەموو شێوەیەك ڕەتدەکاتەوە ، چونکە پێ ی وایە کەس سوودی لەجەنگ نەبینیوە .

## 4.2: ڕەخنە لە وڵاتانی زلهێز و چەوساندنەوەی گەلی کورد .

بەدرێژایی، مێژوو، میللەتی کورد، یەکێك بووە، لەو میللەتانەی، کە تووشی چەوسانەوە و دەربەدەری و کۆچ و ڕەو و ئاوارەیی سنوورەکان بووە ، بەهۆی ململانێی ناهاوسەنگی ولآتە زلهێزەکان، کە نەتەوەی کوردیان کردوەتە بەرژەوەندی ئامانجە دیارەکانی خۆیان . ئەگەر سەیر بکەین، هەر لە ساڵی (1946) ەوە لەگەل، دروستکردنی یەکەمین کۆماری کوردستان، کۆچرەوی کوردان بۆ مەنفا دەستی پێکردووە، کەئەمەش هەموو بەدەست خواستی وولآتانی زلهێزەوە بووە ، یەکێك لەو خەونانەی، کە میللەتی کورد هەی بووە ، کێشە و مەسەلەی سەربەخۆیی بووە ، هەر لەسەر ئەم مەسەلەیەش ڕووبەڕووی کێشەی گەورە بووەتەوە لەلایەن وولآتانی زلهێزەوە لەبری پشتگیری ئاراستەکە بەرەو چەوساندنەوە و دەربەدەرکردن گۆڕاوە .

هەروەها، کێشەی سنووری تائێستا بۆ کورد یەکلا نەکراوەتەوە، کە مافێکی ڕەوای خۆیەتی ، ئەوە ولآتانی زلهێزن، سنوور دیاری دەکەن و سنوور دەکێشن ، کوردستان، وەك خاك و سنووری، وەك جوَگرافیا بەردەوام بابەتی ئاڵۆزی ولآتانی داگیر کردوە ، هیچ میللەتێك نەماوە، لەسەر زەوی، کە بە ئەندازەی کورد، قوربانی دابێت و هێشتا خەونی دەوڵەت و سنوور و خاکی خۆی نەبێت .

کیشەی چەوسانەوەی کورد، لەلایەن ولآتانی زلهێزەوە، جگە لەوەی بابەتی گەرمی کۆمەلگای کوردی خۆی بووە ، ئەوا بەردەوامی بووتە، هەوێنی بیری هزری توێژەکانی تری کۆمەڵگای کوردی، هەر لە سیاسی یەکانەوە، بگرە، تا دەگاتە هونەرمەندان و شاعیران و نووسەران ، لەبەرئەوەی ئەم کێشەیە، لە

مێژوویەکی زۆر دوورەوە هەبووە و تائێستاش بەردەوامە ، بۆیە ئێستاش بابەتی سەرەکی و دانەبڕاوی، لەناو ئەدەبی کوردی بووە ، هیچ شاعیرێك، نەبووە ونییە شیعری بۆ چەوساندنەوە و خاك و سنوور نەوتبێت (پەشێویش) لە پال شیعری سیاسی و کۆمەلآیەتی و چینایەتی دەیان بابەتی تریش ، ئەوا ئەو لایەنەشی بە زەقی بەرچاو دەکەوێت ،هەر بۆیە لە شیعری ( وانەی یازدەم ) دا دەڵێت :

منالّەکان ،
ئەی بێلانە ژینتالّەکان ،
شەو لە خەوما ڕێبوارێك بووم ،
بۆ بەرەگای ( یۆتان ) دەچووم
کە دەروازەکەی قووتی دام
ڕەشم بینی ،ئالآی هەبوو ،
سپیم بینی ،ئالآی هەبوو ،
هەرچیم بینی ،ئالآی هەبوو ،
قیژاندییان
ئەی بی وولآت ، بۆ دەرەوە !
ئەی بی ئالآ - بۆ دەرەوە !
منیش گوتم ،
مەقیژێنن !
کە دەچمەوە ،
ئەم چیرۆکە بۆ منالآن دەگێڕمەوە ! ( عەبدوڵلا پەشێو : 2014 ، 256 )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٦) – ژمارە(٣)، هاوینی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەگەر سەیری ئەم شیعرە بکەین، بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت، کە شاعیر چۆن لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەگەڕێ و ڕەخنە لەو ولآتە زلهێزانە دەگرێت، کە هەموو ولآتان و میللەتان خاوەنی ئالآ و ولآت و خاکی خۆیانن ، بەلآم میللەتی کورد، لە هەموو ئەوانە بی بەشە و تائێستاش، نەبۆتە خاوەنی پاسپۆرت و شووناسی خۆی ، هەموو ئەو زووڵمەش، لەم شیعرەدا دەکاتە چیرۆك و وەك سەرگوزەشتەیەك بۆ نەوەی نوێی ولآت دەگێرێتەوە و پەیامێکیان بەر گوی دەدات، کە کورد لەسەردەمی شاعیر و لەسەردەمی نەوەی نوی، نە دەوڵەت بووە و نە دەوڵەتیش دەبێت ، لەلایەکی ترەوە، پەشێو بەتەواوی نائومێد دەبێت، لە ولآتە زلهێزەکان، کە تەنها یاری بە چارەنووسی گەلی کورد دەکەن ، هەموو ئەو ڕووداو و کارەساتانەی، کە لە مێژوودا بەسەر گەلی کورددا هاتوون ، بەردەوام بەرهەمی سیاسەتی خراپ بووە، بەرامبەر بە کورد ، ئەوە وای لە شاعیر کردووە، کە نائومێد بێت ،بەرامبەریان، کە سەیری ئەم شیعرەی پەشێو بکەین بەناوی ( سەدان ساڵە ) بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە ئەم شیعرەیە هەشتاکان یەکێك بووە، لە شاکارەکانی پەشێو بەدەست نووس، دەنوسرایەوە و زۆربەی برگەکانی، لەبەر دەکرا، لەلایەن منداڵآن و شۆڕشگێڕانەوە ، بەشیعرێکی زۆر کاریگەر و پڕ مانا وەسف دەکرا ، چونکە شاعیر، لەم شیعرەدا دەیەوێت ئەو پەڕی بی ئومێدی خۆی ڕابگەیەنێت، بەلآم بەنەتەوەکانی دەوروبەری کورد، لە فار س و عەرەب و تورك بەهۆی، کە ئەوان بە هیچ شێوەیەك، جێگەی متمانە نین، ناتوانن بۆ ئەو گەلە ببن بەجێگەی متمانە، هەمیشە دوژمن بە گەلن ، بۆیە لێرەدا شاعیر ئەوانی چواندووە یان هێمای کردووە بەهەندی ڕەمز و هێما، کە هەموو ئەمانە وامان پێدەڵێت، کە نابێت گەلی کورد متمانە بە نەیارەکان و کۆمەڵگاکانی دەوروبەری بکات، کەبەردەوام هەوڵی لەناوبردنی کوردیان داوە و هەمیشە دەبێت بڕوای وابێت، کە لە هەموو کاتێکدا پلان دەگێڕن بۆ لەناوبردنی میللەتی کورد هەروەك و دەڵێت :

سەدان ساڵە

لەوێرانە ماڵی خۆمدا

كتكە كۆرەی گۆشەی مەتبەخی سوڵتانم

سەدان ساڵە

ڕۆژێك دەبم

بە قەیسەری والی بەغدا

ڕۆژێك لە تاران كوتاڵم

ڕۆژێك لیفكەم

پشتی ژنی سوڵتان دەشۆم

ڕۆژێك گەسكم شام دەماڵم

سەدان ساڵە

وەكو چەنگێك دانەوێڵە

ئاشی مێژوو فڕێی داووم

هەر چوار دەورەم شارۆچكەیە و

مێرووله دەمیان تی ناوم . ( عەبدوڵلا پەشێو ، 2014 ، ل 66 – 67 ) .

لێرەدا، شاعیر هەڵوێستی ناشیرینی دراوسێكانمان پیشان دەدات، كەبەرامبەر دۆزی ڕەوای كورد، گەلێك نا حەقی و بەد ڕەفتارانە كاردەكەن، بۆ ئەوەی كورد بە هیچ شێوەیەك بیر، لەسەربەخۆیی و دامەزراندنی قەوارەیەك نەكەن و هەرداواكارییەكیان بە ئاگرو ئاسن، وەڵام بدرێتەوە، ئەمەش وای لەتاكی كورد كردووە ، كە هەمیشە بیر لەمان و نەمانی بكاتەوە..

## ئەنجام

- پەشێو، وەک شاعیرێکی نوێخواز و هاوچەرخ نەی ویستوە، وەکو شاعیرێکی لاسایي کەرو کلاسیک خۆی پیشان بدات، بەلکو هەموو تواناى هزری خۆی خستۆتەگەر، لەسەدەی بیست و یەکدا.

- پەشێو، شیعری کردۆتە ئامرازی ڕەخنە گرتن، لە سیاسەت و شیعری، وەك چەکێکی بەبڕشت لە دژی سیاسەتی هەڵە و گەندەڵی و فەرمانڕەوایی کوردستانی باشوور بەکارهێناوە، کە لە هەمان کاتدا شێعرەکانی دەبنە بەڵگە لەسەر ماف خوراوی گەلی کورد .

- دونیابینینی پەشێو ئەوەمان پیشان دەدات، کە شاعیر ،لەگەل میللەتە چەوسێنراوەکەیەتی و دێتە ئاستی خوارەوەی کۆمەڵگا و لە هەناوی کۆمەڵگاکەیەوە شیعر دەردەهێنێت ، بەلآم ئاستی ڕۆشنبیری شاعیر، لەسەرەوە خۆی پیشان دەدات ،کە ئەم تێکەڵیەش تابلۆیەکی جوانمان نیشان دەدات، لەنێوان هەست کردن بە ئازاری میللەتەکەی و حەز و خولیای بۆ ڕۆشنبیرانی میللەتەکەی.

- غەریبی و دەربەدەری شاعیر پێمان دەڵێت، نەك بۆتە هۆی، لە بیرکردنی نیشتمان ، بەڵکو ئەم دوورە ولآتی و دەربەدەرییە سوور تر و تیژ تری کردووە، لەسەر هەڵوێستە نیشتیمانی و نەتەوایەتییەکانی و ڕەخنە گرتن، لە هەموو ئەو ولآتانەی کە بوونەتە هۆکار بۆ نەهامەتی گەلی کورد ، لەهەمان کاتیشدا، پەشێو لەگەل ئاشتی و چارەسەری کێشەکاندا بووە.

## سەرچاوەکان:

### ا- سەرچاوە کوردیەکان

1- ئاوارە کمال صالح ، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا ، هەولێر ، 2012. بۆریس بیگۆڤیچ ، بۆشکۆ میاتۆڤیچ ، و. محمد مستەفا قەرەداغی ، گەندەڵی لە سڕبیا ، چاپخانەی کارۆ ، 2006 ، ل.
2- هەژار ، دیوانی عارفی ڕەبانی شێخ ئەحمەدی جزرکەیی ، تهران ، 1961 .
3- محمدی خالآ ، فەرهەنگی خالآ ، جزمی دووەم ، سلێمانی ، 1964 .
4- مارف خەزنەدار ، دیجلەی هزرم ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، هەولێر 2006 .
5- فاچل نقام الدین ، ئەستێرە گەشە ، فەرهەنگێکی کوردی ، عەرەبییە ، بەغداد ، 1976 .
6- علاالدین سجادی ، نرخ شوناسی ، بەغداد ، 1970 .
7- عەبدوڵلا پەشێو ، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا ( دیوان ) ، چاپخانەی ڕۆژهەلآت ، چاپی چوارەم ، هەولێر ، 2014 .
8- عەبدوڵلا پەشێو ، سەولَم پۆلا و کەناریش دوور ، ( دیوان ) ، چاپخانەی ڕۆژهەلآت ، چاپی یەکەم 2019.

9- عەبدوڵلا پەشێو ، پشت لە نەوا ڕوو لە کرێوە ، ( دیوان ) ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، چاپی چوارەم ، 2014 .
10- عبدوڵلا یاسین ئامێدی ، پەیدابوونی ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا تا جەنگی گێتی یەکەم ، دەزگای ئاراس ، 2003 .
11- شیعر و شمشێر ، حەمە سەعید حەسەن ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، چ . هەولێر ، 2004 .
12- شێرکۆ بێکەس ، ڕوانگە و کوێرە ڕەخنە ، بەشی سێ یەم ، ڕۆژنامەی هاوکاری ، ژ. 131
13- د.کامل حسن بصیر ،مێژووی ڕەخنە سازی ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاو کردنەوەی کوردی ، بەغداد ، 1993
14- د. کامل حسن بصیر ، ڕەخنە سازی مێژوو پەیڕەوی کردن ، بەغداد ، 1983 .
15- پەشێو و پەیوەندی تەلەفۆنی ، 28 / 2 / 2017 .

ب- سەرچاوە عەرەبییەکان

1- الدكتور علا جواد الطاهر ، مقدمة في النقد الادبي ، طبعة الثانية ، بغداد ، 1983 .
2- د. محمد مندور ، الادب و فنونة ، الطبعة الثانية ، القاهرة ، 1974 .
3- نظرية الأدب ، رينية ويليك و أوستن وارين ، ت . محيبى الدينى صبحى ، م: د. حسام االخطيب ، المؤسسة العربية للدراسات و النشر ، ط 2 ، بيروت 1987 .
4- تزفيتان تودوروف ، تقد النقد ، ترجمة ، د. سامي سويدان ، بغداد ، 1986 .
5- مجدى وهبة ، مجمع مصطلحات الادب . ( انطليزي ، فرنسى ، عربي ) ، مكتبة لبنان ، بيروت ، 1974
6- د. قاسم المقداد ، النقد الادبي في القرن العشرين ، منشورات وزارة الثقافة ، دمشق ، 1993.
7- د. سهير القلماوى ، محاضرات في النقد الأدبي ، القاهرة ، 1959 .
8- د. احمد كمال زكي ، النقد الادبي الحديث ، دار النزهة ، بيروت ، 1981 .
9- Ed. Doniach . W.S. The concise oxford English – Arabic Dictionary oxford university , 1982 . .

## The Idea of Criticism in Abdullah Pashew’s Poetry

**Abdullah Yassin Amedi**
Department of Kurdish Language, College of Education and Languages, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Abdallah.amedi@lfu.edu.krd

**Mohammed Omer Ibrahim**

Department of Kurdish Language, College of Education and Languages, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Mohammedqolmarfy@gmail.com

***Keywords:*** Criticism, Pashew, Politics, Kurd, Society

## Abstract

This research consists of two essential parts. The first part presents the theoretical framework of the study; it discusses literary criticism, criticism from the perspective of language, criticism from a theoretical perspective and the purpose of literary criticism. The second part of research sheds light upon the types of criticism in Abdulla Pashew's poetry such as political criticism, social criticism, criticism at war, and urge for peace. Pashew's critiques of classism, his urge to revive Kurdish culture, his critique of the world powers for their silence over the Kurdish discrimination have been highlighted.

At the end of the research, researchers conclude that Pashew, as a contemporary poet, depicts the real situation of Kurdish society in the 21th century. He has used his poetry to criticize politics and portray the wrongdoings and corruptions of the rulers of Iraqi Kurdistan. His poetry also proves that the rights of Kurdish have been violated.

# الفكر النقدي في شعر عبدالله پشيو

## الملخص

هذا عنوان للبحث المؤلف من قسمين رئيسيين، تحدثنا في القسم الاول بشكل
نظري عن النقد الادبي والنقد من حيث
اللغة والمصطلح ووظيفة النقد .وتحدثنا في القسم الثاني عن انواع النقد في شعر الشاعر

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وخصوصا النقد السياسي والاجتماعي ونقد الحروب والطبقية والدعوة الى السلم والعودة الى الثقافة الكردية وكان يوجه النقد الى الدول العظمى لالتزامهم بالصمت ازاء ما يحدث للشعب الكردي من ظلم واستبداد.وفي ختام البحث توصلنا الى نتائج

بيننا فيه بأن الشاعر پشيو باعتباره احد الشعراء المتجددين والمعاصرين ، لم يود ان يظهر كشاعر كلاسيكي مقلد،إذ بذل كل جهوده الفكرية من اجل إظهار الواقع الحقيقي للمجتمع الكردي في القرن الحادي والعشرون.واستخدم الشاعر الشعر كأداة لتوجيه النقدالى الساسة وكذلك ضدالسياسات الخاطئة والفساد الموجود بين حكام كردستان الجنوبية ،وتعد اشعاره بمثابة وثيقة على حرمان الشعب الكردي من حقوقه.يكون الكلمات الرئيسية: النقد ،پشيو ، السياسة ، المجتمع ، الكرد.